# خۆ ته فره دان

هه ر جارێك بوو،
نیگاكانمان
لێك گیربوون وه ك چنگی بازان.

هه ر تاوێك بوو،
پشتمان تێك كرد،
ڕێگه كانمان لێك ترازان.
له و ڕۆژه وه
به دارمێوی خه یاڵمه وه
ئاوێزانی
وه ك جوانترین هێشوه ترێ.
په یتا په یتا...
ته رزی بیرم تێت ده ئاڵێ و
له ده ورت ده بێته گرێ.

* * *

ماوه یه كه
ڕێی جارانی خۆم گۆڕیوه،
نه وه ك ڕۆژێك...
تووشت بێم و شێوه م نه كه ی؛
نه وه ك ئێستا...
له گێژه نی یادی تۆدا
ونتر بم له به ردی بن گۆم؛
ئاخ ده ترسم ئێواره یه ك،
به زریانی نیگای ساردت
هه ڵوه رێنێ گۆپكه و چرۆم؛
له به هه شته م وه ده ر بێنی
كه ده زانم هی من نییه،
به ڵام كردوومه به هی خۆم!

١٩٩١/١٢/٢٧ ـ مۆسكۆ